# فەتواکانی لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان

# نوێژی هەینی لە دەرەوە شارو دێهاتەکان

(حوكمی ئەنجامدانی نوێژی هەینی لە دەرەوەی شار و دێهاتەكان )

دوایی ئەوەی لە لایەن ژمارەیەك لە هاولاتیانەوە پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان كرا، سەبارەت بەوەی ئایا لە رووی شەرعیەوە درووستە مەراسیمی نوێـژی هـەینی – خطبة الجمعة – لـە دەرەوەی شار و دێهاتەكان ئەنجام بدرێت، واتە: خەڵكی گەشتیار كە رۆژانی هەینی دەچنە گەشت و سەیران و ژمارەیەك لەم خەڵكە هەر لە شوێنی سەیرانەكەیان مەراسیمی نوێژی هەینی ئەنجام ئەدەن؟

بۆیە لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان لە دانشتنی رۆژی ٢٠١٧/٤/١٧ ، دوایـی تـاوتوێ كردنـی بابەتەكە و بە هەڵوەستە كردنی لـە سـەر رای زانایـانی فیقهـی ئیسـلامی هـەر چـوار مەزهـەب راشكاوانە رایدەگەیەنێت كەوا : هەر چوار مەزهەبی فیقهی ئیسلامی یەك دەنگن لە سەر ئەوەی كە شەرعاً دروست نیـە مەراسیمی نوێژی هەینی لە دەرەوەی شار و دێهاتەكان ئەنجام بدرێت، بە پێ ئەم بەڵگەكانەی خوارەوە:

یەكەم : حەنەفیەكان دەفەرموون ( لَا تَصِحُّ الْجُمُعَةُ إِلَّا فِي مِصْرٍ جَامِعٍ ، أَوْ فِي مُصَلَّى الْمِصْرِ ، وَالْمِصْرُ الْجَامِعُ : كُلُّ مَوْضِعٍ لَهُ أَمِيرٌ وَقَاضٍ يُنَفِّذُ الْأَحْكَامَ)[١].

مالكییەكان دەفەرموون :( وأما مالك رضي الله عنه فإنه إعتبر أن يكون موضع الجمعة قرارًا لأهلها، و قال: تقام في القرية المجتمعة التي قد اتصلت دورها وفيها الأسواق. وقال مرة المتصلة البنيان، وقال أيضًا: إذا كانت القرية بيوتها متلاصقة وطريقها وسطها ولها أسواقٌ ومسجدٌ يجمّعون فيه الصلاة فإنهم يجمّعون الجمعة)[٢].

شافعییەكان دەفەرموون:( تشترط في إقامة الجمعة في بقعة معدودة من بلد، وتلك البلد، وطنٌ للذين يقيمون الجمعة، فلا تكفي إقامتها في الصحراء لأنها لم تقم في زمن النبـي صلى الله عليه وسلم والخلفاء الراشدين بعده إلا كذلك، ولو جازت في غيرها لفعلت ولو مرة،ولو فعلت لنقلت)[٣].

حەنبلیەكان دەفەرموون:( من شروط الجمعة أن يكون بقرية يستوطنها أربعون من أهل وجوبها،فلا تجوز إقامتها في غير ذلك، وتجوز إقامتها في الأبنية المتفرقة إذا شملها اسم واحد وفيما قارب البنيان من الصحراء)[٤].

---

١ –العناية شرح الهداية: أكمل الدين أبو عبد الله ابن الشيخ شمس الدين ابن الشيخ جمال الدين الرومي البابرتي:٥٠/٢.
٢ –شرح التلقين:أبو عبد الله محمد بن علي بن عمر التَّمِيمي المازري المالكي:٩٤٨/١.
٣ – مغني المحتاج: ٣٨٧/١.
٤ –المقنع في فقه الإمام أحمد بن حنبل الشيباني:ابن قدامة المقدسي:٦٨/١.

یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لێژنەی بالای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
اللجنة العليا للإفتاء

بۆیە لێژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان بۆ سەرجەم هاولاتیانی خۆشەویست روون دەکاتەوە کەوا لە لایەنی شەرعیەوە دروست نیە مەراسیمی نوێژی هەینی لە دەرەوەی شار و دێهاتەکان ئەنجام بدرێت، بۆیە ئامۆژگاری سەرجەم هاولاتیان دەکات کە پێویستە خۆیان لەم جۆرە کارانە بپارێزن، و لە کاتێکدا کە رۆژانی هەینی بۆ سەیران و گەشت و گوزار روو لە دەرەوەی شار دەکەن پێویستە بچن بۆ مزگەوتێکی نزیك لە شوێنی گەشت و گوزار بۆ ئەوەی لە گەڵ خەلکی مزگەوتەکە مەراسیمی نوێژی هەینی ئەنجام بدەن ...

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لێژنەی باڵای فەتوا هەرێمی کوردستان
هەولێر : ٢٠١٧/٤/١٧